# تەوەر



# کاریگەری شیعری فارسی لەسەر شیعری نوێی کوردی

# فروغ و سوهراب وەک نمونە

باران

ئامادەکردنی تەوەر: شاخەوان سدیق

**له پاش راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ی خەڵکی کوردستان شەپۆلێکی وەرگیرانی شیعری فارسی بەتایبەت هەردوو شاعیری دیاری ئێران (فروغی فەروخزاد و سوهراب سپهری) دەستیپێکرد، بەجۆرێك کە بەچەندین وەرگێڕانی جیاواز تا ئێستاش بە تیراژی زۆر چاپدەکرێنەوە، ئەمەش ناڕاستەوخۆو هەندێك جاریش ڕاستەخۆ کاریکردۆتە سەر ئاڕاستەی نوسینی شاعیران(بەتایبەت شاعیرانی گەنج) لە نوسینەکانیاندا، بەجۆرێك لەخوێندنەوەی زۆربەیاندا بە ئاشکرا تاموبۆنی دنیابینی ئەو دوو شاعیرە دەبینی، بۆ قسەکردن دەربارەی ئەم بابەتەش بە پێویستمان زانی ئەم تەوەرە ئەنجامبدەین.**

### ئەم تەوەرە بۆ.....؟

ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە شیعری جوان دەبێت وەك میوە تام بکرێت، ئەوا دەبێت بڕواشمان بە جیاکردنەوەی (هەست و ئیلهام) هەبێت لەمەعریفەی شیعریدا، هەروەك چۆن مەرج نییە، هەموو هەستێکی جوان شیعر بێت، ئاواش مەرج نییە هەموو تێکستێکی شیعری لە هەناویدا خاوەنی هەستێکی جوانی شاراوەبێت، بۆیە بەبڕوای من ئەوەی زیندوێتی بە هەر تێکستێکی شیعری کە سەرچاوەکەی (لە دڵەوە بۆ دڵ بێت) دەبەخشێت. ڕاستگۆیی خودی نوسەرەکەیەتی، یەکەم لەگەڵ خۆی و دووەم لەگەڵ خوێنەرەکانی نەك هیچ  شتێکی تر، لەماوەی  ساڵانی ڕابردوشدا لە هەرێمی کوردستان  ڕەنگە (شیعر)نوسین زیاتر بێت لە هەموو ئەو بابەتانەی تری ئەدەب کە نوسراون، بەتایبەت لای نوسەرانی تازە پێگەیشتووی گەنج، کە ئەگەر ناهەقی نەبێت زۆرێك لەم نوسراوانە بە ئاشکرا هەست بە شێوازو تامی شیعری ئەدەبیاتی تر تیایاندا دەکرێت، بەجۆرێك کە زۆرجاران هەست بەلێکچوون و ئاوێزان بوون لەگەڵ شیعری ئەو نەتەوانەی تردا دەکرێت، بەتایبەتیش شیعرو ئەدەبی (فارسی) و لەناو ئەو ئەدەبەشدا بەتایبەتتر هەردوو شاعیری دیاری فارس( فروغ فەروخزاد) و (سوهراب سپهری) کە ئەم شاعیرانە نەکتەنها سەپك و شێوازەکانیان نزیکن لە (تقلید)و دوبارەکردنەوەوە، بەڵکو زۆرجار تەنها هەندێ لە وشەی ناوڕستەکانیان گۆڕدراون، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو ئەم سەرسامیە بەئەدەبیاتی ئەم دوو شاعیرە گەیشتۆتە ئاستێك، کە زۆر بە زوویی بەشێکی زۆر لە تێکستەکانیان وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی و وەرگێڕانەکانیشیان بۆ چەندینجار چاپ بکرێنەوە. کە بەبڕوای من هۆگری بۆ ئە دوو شاعیرەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دووخاڵ.

یەکەم: شیعری کوردی لە پێش ڕاپەڕین و لە دەیەی هەشتاکاندا بەزۆری تەنیا شیعری شۆڕش و پیاهەڵدان بووە بە نیشتمان و ئازادیدا و کەمتر پەرژاوەتە سەر ئینسان وەك سەنتەر و ورد بونەوە لە جوانییە جوزئیەکان، کە بەبڕوای من ئەم لایەنە پانتاییەکی گەورە لە شیعری (سوهراب) پێکدێنێت و هۆکاری پەیوەستبوونی زۆرێك لەگەنجانیش بەم شاعیرەوە پەیوەندی بەم خاڵەوە هەیە.

دووەم: ڕۆحی یاخیبوون و نزیکبوونەوە لە مۆدێلی جۆرێك لە نامۆبوون و تەنهایی و عەبەس یەکێکە لە هۆکارە دیارەکان بۆ خوێندنەوەی شیعری(فروغ)و سەرسام بوون پێی، کە ئەمەش بەتایبەت لە شیعری خانمانی ئێمەدا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە. ئەویش بە هۆکاری نەبوونی ئازادی و ئەو هەموو کەبتەزۆرەی کە دنیای گەنجانی ئێمەی داپۆشیوە، بۆیە یاخیبوون لە (نەریت و خێزان و کۆمەڵگە) کە یەکێکن لە تێماکانی شیعر لای (فروغ) دەبنە قسەی گەرم و دڵخوازی گەنجان و نوسەرانی شیعری نوێی ئێمەو هۆکارن بۆ هەوڵدان لە دوبارەکردنەوەیان.

بەدڵنیاییەوە تەنها ئەم هۆکارانەش نین و ڕەنگە چەندان هۆکاری تریش هەبن کە وایانکردووە شیعری (فارسی) بەوقوڵییە کار لە شیعری نوێی ئێمە بکات، هەر لەم سۆنگەیەشەوەو بەمەبەستی دروستکردنی دیالۆگ و وەرگرتنی بۆچوونی جیاواز دەربارەی ئەم پرسە بە پێویستم زانی ئەم تەوەرە بوروژێنم و بەهیواشم هیچ کەس و شیعر نوسێکی ئەزیز زویر نەبێت و خوێندنەوەی جیاوازی بۆنەکرێت، چونکە نە مەبەستمان ناو ئەزمونی کەسە نەلێدانە لە کەس تەنها ئامانج لەتەوەرەکە گفتوگۆکردنە دەربارەی ناوەرۆکی ئەم بابەتە و بەهیوام لە ئایندەدا ئەم پرسە قسەو گفتوگۆی زیاتر بەدوای خۆیدا بهێنێت.





**ئازاد بەرزنجی**

**ئەم کاریگەریانە هەم لایەنی ئەرێنیی هەبووە و هەم نەرێنی، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەرییە ئەرێنییەکانی زیاتر بوون.**

کاریگەریی ئەدەبیاتی میللەتانی دونیا و کارلێکی کەلتورەکان هەر لە کۆنەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بووە و هیچ کەلتورێك نییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خاڵی بێت لە کاریگەریی کەلتورەکانی تر، ئیتر چ زۆر یان کەم. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، ئەدەبیاتی فارسی یەکێکە لەو ئەدەبیاتانەی کە لە ڕۆژگارێکی زووەوە کاریگەریی لەسەر کەلتوری میللەتەکانی تری

تەوەر

جیهان هەبووە، ئەمەش دیاردەیەکی تەواو سروشتییە. هەر بۆ نموونە گەر چاوێك بە ئەدەبیاتی عەرەبی و تورکی و هیندی، تەنانەت ئەوروپی و ئەمەریکیشدا بخشێنین، ڕەنگدانەوەی دونیابینیی گەلێ لە شاعیرانی وەکو مەولانا و خەییام و حافز و سەعدی و فەریدەدین عەتتار و نیزامی و هتد... دەبینینەوە. هەڵبەت ئەم کارلێك و کاریگەرییە تا ئێستاش ئاسەواری بەردەوامە، ئەمەش گەر دەلالەت لە شتێك بکات، ئەوا دەلالەت لە زیندوویی و ڕەسەنایەتیی ئەدەب و بەتایبەتیش شیعری فارسی دەکات.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی شیعری فارسی لەسەر شیعری کوردی و بەتایبەتیش لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئەوا دەبێ بەر لە هەموو شتێك ئەوە بڵێین کە ئەم کاریگەرییە هەم لایەنی ئەرێنیی هەبووە و هەم نەرێنی، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەرییە ئەرێنییەکانی زیاتر بوون.

بێگومان هەموو دەزانین کە پێش ڕاپەڕین بوارێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ وەرگێڕانی ئەدەبیاتی فارسی و ئەو کارانەی لە فارسییەوە کراون بە کوردی زۆر کەم بوون، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ڕژێمی ئەو ڕۆژگارە، هەر بایەخدانێك بە ئەدەبی فارسییان بە بایەخدان بە کەلتوری دوژمن دەزانی، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە بوارێکی باش ڕەخسا بۆ بایەخدان بە کەلتوری بیانی و بەتایبەتیش فارسی، چونکە هەم نزیکترین بیانی بوون بە ئێمە و هەم زمانی فارسی و زمانی کوردی بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر یەك خێزانی زمانەوانی، بۆیە نزیکایەتییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، ئەمەش پتر هانی ئەدیبان دەدات بۆ وەرگێڕان لە فارسییەوە، گەرچی لە سەرێکی تریشەوە، بەهۆی کۆمەڵێك وەرگێڕ و وەرگێڕانی خراپەوە، بووەتە مایەی وێرانی لە کتێبخانەی کوردیدا. بەهەرحاڵ وەرگێڕانی شیعری فارسی لەدوای ڕاپەڕینەوە بۆ سەر زمانی کوردی، بەتایبەتیش شیعرەکانی فرووغی فەڕوخزاد و سوهراب سپهری، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شاعیرە لاوەکان هەبووە و لە زۆربەی شیعرەکانیاندا فەزا و زمان و ڕوانینی ئەوان دەبینینەوە.من بۆ خۆم هۆکاری ئەم کاریگەرییە و شێوەی ڕەنگدانەوەکە بەمجۆرە دەبینم: پێشتر و لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، گوتاری شیعریی کوردی خۆی لە بەرەنگاری و حەماسی شۆڕشگێڕانە و نیشتمان و یاخیبوونی دەستەجەمعی و مەسەلەیەکدا دەبینییەوە، کە هەر شاعیرە و بە شێوەیەك گوزارشتی لێدەکرد. بەڵام لە دوای هاتنەناوەوەی ئەو شیعرانەی سوهراب و فرووغ( کە من خۆم بەشێکی زۆریانم لێ وەرگێڕاون)، جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ خود و بۆ یاخیبوونی فەردی و ڕامان و سروشت بەڵام بە دیدێکی ترەوە، لای ئەو شاعیرانە سەریهەڵدا. چیتر شۆڕش و موقاوەمەت و شیعری بۆنە ئەو سیحر و ئەفسوونەی نەما و لەبری ئەوە گەڕانێك دەستی پێکرد بەدوای زمانێکی شیعریی وادا کە گوزارشت لە وێرانبوونەکانی دوای شۆڕش و نائومێدی و لەبارچوونی خەونەکان و نامۆبوونی نەوەی دوای شەڕی ناوخۆ و تێکشکانەکان بکات.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی فرووغ، من پێموایە زیاتر لە شیعری خانمە شاعیرەکانی دوای ڕاپەڕیندا دەیبینینەوە و ئەم کاریگەرییەش خۆی لە یاخیبوون دژ بە پەتریارکییەت و دەربڕینی حەز وخۆزگە و غەمی ژنانە و جۆرێك لە پرکێشی لە زماندا دەیبینین. سەبارەت بە سوهرابیش، دەرچوون لە ئایدیۆلۆجیا و گەڕانەوە بۆ ساتە پاکیزەکان و بۆ حاڵەتە ڕۆحییەکان. لەڕاستیدا قسەکردن لەسەر ئەو کاریگەرییانە خۆی لە خۆیدا پێویستی بە باس و لێکۆڵینەوەی درێژ و سەربەخۆیە و ئەوەی ئێمە بەتەنها ئاماژەیەکە و هیچی تر.



**ڕێبوار سیوەیلی**

**پێگەی شاعێرێتی لە کولتووری ئێرانیدا پێگەیەکی بەرزە، ئەمەش دەبووە هاندەر کە گەنجانی نوسەر و شاعیری ئەمدیو، خەون بەوەوە ببینن وەك ئەوانیان لێبێت.**

دەیەی هەشتاکان دەیەی سەرەتاکانی جوڵەی کورد بوو لە شارەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەتی بۆ ئێران. نەوەیەك لە ئەنجامی هەڵاتن لە شەڕەوە، کەوتنە داوی شیعری فارسییەوە، کە داوێکی خۆش و بەسودبوو. ئەم نەوەیە سیاسەتیان نەدەکرد و لە ڕێگەی خوودانە ئەدەبیی کلاسیك و هاوچەرخی فارسییەوە، جیهانێکی نوێیان دۆزییەوە. هەڵبەت پێشتریش کەسانێکی وەك مامۆستا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لە سلێمانی و مامۆستا گوشاد حەمەسەعید لە هەولێر هەبوون، کە جاروبار ئەدەبیاتی فارسییان دەکردە کوردی، بەڵام بە بەردەوامی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، نەوەیەك ئاوارەی ئێران بوون، ئەوانەش کەوتنە ژێر کاریگەریی شاعیرانی جۆربەجۆری فارسی نووسەوە. لەناو ئەو شاعیرانەدا، نیما، شاملو، فەرووغزاد، سپێهری و گەلێکیتر. لەگەڵ سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا کە ئەنجامەکەی کەوتە باوەشی کۆماریی ئیسلامییەوە، بزووتنەوەیەکی چاپەمەنی لە ئارادابوو، کە بەردەوام بەرهەمی ئەم شاعیرانەی چاپ و بڵاودەکردەوە. لەوەش زیاتر، بزوتنەوەیەکی ڕاڤە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، لەسەر دەستی دکتۆر محمد ڕەزا شەفیعی کەدکەنی، د. ڕەزا بەراهنی و محەمەدی حقوقی و محەمەد عەلی سپانلوو و چەندانیتر لە ئارادابوو، کە جەختیان لەسەر پۆلێنکردنی شاعیران و بابەتی شیعرییان دەکردەوە. ئەمە جگە لە گرنگیی و کاریگەریی گۆڤارەکانی وەك ئادینە و کلك و چەندانیتر، کە بەردەوام ڕەواجیان بە شیعر دەدایەوە. ئەو کوردانەی چوونە ئێران، لە هەمانکاتدا خۆیان لەبەردەم چەندین کەناڵدا بینینەوە کە هەموویان دەیانبردنەوە سەر شیعر و ئەدەبیات.. ئەمە جگە لەو جمووجووڵ و چالاکیانەش کە ڕۆشنبیرانی کوردی شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان ئەنجامیاندەدان و ئەمەش دەبووە هاندەر بۆئەوەی نوسەرانی کوردی ئەمدیو، زوو خۆیان فێری زمانی فارسی بکەن و لێی سوودمەند بن..

شیعری فارسی لە دوای (نیمایۆشیج)ەوە، بە تێپەڕین بە شاملوو،

ئەخەوان سالس و فەروخزاد و سپهری و ئەوانیتر، چ وەك بابەت و چ وەك فۆرم بۆ کوردەکان تازەبوو. هەڵبەت پێش ئەوەی کوردی باشور بە دەقی شیعریی فارسیی ئاشنابێت، ئاشنای گۆرانی و مۆزیکی فارسی بوو. زۆر پێش ئەوەی شیعری فارسی وەربگێردرێت، داریووش و سەتار و گوگوش، حمیرا، هایدە، مەهەستی و ئیرەج و هەندێکیتر، چوارچێوەی زەوقی باشووریان بەلای موزیك و شیعری فارسیدا کێش کردبوو، بەتایبەتیش کە بەشێکی شیعری ئەم دەنگبێژانەیان دەوتەوە. ئەوەش پەنجەرەیەکی نوێ بوو بۆ ئەوەی لێوەی بڕوانیتە ئەودیو زیندانە گەورەکەی بەعس.

لە شیعری هاوچەرخی فارسیدا، شتگەلێکی جوان هەبوو کە سەرنجیان ڕادەکێشا. یەکەم هەر یەکە لە شاعیرانی بەناو، خاوەنی ستایل و شێوازی شیعریی خۆیان بوون. سیما و سەرووکەڵلەی شاعیرە فارسەکانیش سەرنجراکێش بوو، خودی پێگەی شاعیرێتی لە کولتوری ئێرانیدا پێگەیەکی بەرزە، ئەمەش دەبووە هاندەر کە گەنجانی نوسەر و شاعیری ئەمدیو، خەون بەوەوە ببینن وەك ئەوانیان لێبێت. ئەمەش شتێکی ئاساییە. زمانی شیعری شاعیرە هاوچەرخەکانی ئێران، جگە لە ئەحمەدی شاملوو، جگە لە یەدوڵای ڕوئیایی و کەمێکیش نیما خۆی، زمانێکی ئاسان و شیاوی ئاسان تێگەیشتنە. فەروخزاد، سپهری زمانێکی خۆشیان هەیە، سادە لە دەربڕین و دەوڵەمەند لە میتافۆر و وێنەدا. ئەمە جگە لەوەی بابەتی شیعری فرووغ بۆ ئێمە جیهانێکی نوێی زۆر تازە بوو. لە فرووغەوە تێگەیشتین کە دەنگی ژن لە شیعردا هەمان شیعر نییە کە پیاو بۆ ژنی دەنووسێت. لەوێدا ژنێك لە خۆی دەدوێ وەك ئەوەی کە هەیە. ئیرادەیەك بۆ بەردەوامی و هەستێك لە شکستدا بەرجەستەدەکات. هەندێ پۆتان شێللا، یان توانایی لە تاکەکەسدا بە خۆی ئاشنادەکاتەوە، کە ویستی نوێ و جیهانبینی نوێی بۆ دەهێننەپێش. ئەمەش ئەو شتەیە کە ڕەخنەی ئەدەبیی پێیدەڵێت: چوونە جیهانێکی دیکەوە. ئەمەش ئەو شتەیە کە خوێنەر و شاعیران بەدوایدا دەگەڕێن. بە هەمان شێوە سوهراب نوێ بوو، چ لە زماندا و چ لە وێنەسازیی و چ لە جیهانبینیدا. سوهراب وێنەیەکی ئێستاتیکیانەی عیرفان و گەردوونگەرایی لە شیعردا بەرجەستەدەکات، کە پتر ئینسانیە تا ئێرانی و فارسیانە. خوێندنەوەی شیعری سوهراب ڕەژوویێك لە ناخی مرۆڤدا دەگەشێنێتەوە کە هەمیشە هەیە. ستایلێك لە ژیان و بیرکردنەوە لە دەرەوەی توندوتیژیی و ڕق. بە شیعریکردنی توێکڵی هەنار و جلشتنی ڕەعنا و خۆشاردنەوەی خودا لەو دیو درەختەکانەوە.. سادەیی و شەفافییەت بەشێکی گرنگی شیعری سپهرییە، ئەمەش لە واقیعێکدا کە ئاڵۆزیی و تاریکی باڵادەستە، گرنگیی خۆی بۆ ڕۆحیی مرۆڤ هەیە. ئەم شاعیرانە پردێك بوون شاعیرە کوردەکانیان پەڕاندەوە بۆ ئەو دیو بیرکردنەوە تەقلیدیەکان لە شیعر و زمان. ئاسۆی خەیاڵ و چنینی زمانی شیعریی ئێمەیان گۆڕی. سۆژەی ئەزموونکەر لە واقیعی کوردیدا چیتر نەیدەتوانی بە زمانی باوی شیعری کوردی، خۆی دەربڕێت، بۆیە ئەم ستایلە لە شیعری فارسی وەك فەریادڕەسێك هەندێ کەسی لە دووبارەکردنەوە ڕزگارکرد، هەندێکیانی وەك لاساییکەرەوە و چەندێکیشی وەك ڕاگوێزەرەوەیەکی ناشیی بە ئێمە ناساند، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، تێڕوانینی من بۆ ئەم کاریگەربوونە بە شیعری فارسی، خراپ نیدە. کاریگەریی بەشێکە لە سرووشتی شیعرنووسی و شاعیرانە بیرکردنەوە. شیعرە گەورەکان شیعرگەلێکن نمونە بەرزەکانی شیعرمان بیردەخەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نمونەی نائومێدکەر لە کاریگەریی و لاساییکردنەوەمان زۆرە. کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگایەکی بێ کاراکتەر و تایبەتمەندییە، بۆیە شوێنکەوتەیی، لاساییکردنەوە، خۆبەئەویترزانین، مۆدەبازیی و فیزلێدان شتێکی ئاساییە تیایدا. مرۆڤ کە بۆخۆی

کاراکتەر و شوناسی تایبەتی خۆی نەبوو، شوناسی ئەوانیتر دەکاتە بەری خۆی بۆئەوەی سوودمەند بێت لەو پرستیژ و پیاهەڵدانەی لەناو کۆمەڵگە، یان دەستە و تاقمێکدا بە نسیبی دەبێت و لە ڕێگەیەوە پێگەیەك بۆخۆی بەدەستدەهێنێت. ئەمە بۆ شاعیرانیش هەر ڕاستە.



**مەریوان هەڵەبجەیی**

**کاتێك گۆتە سود لە حافز و بۆرخیس لە خەیام وەرگرێت، کەچی کورد سود لەئەدەبی فارسی وەرناگرێت، لەگەڵ ئەوەی لەپەنایدایەو لە ڕوی کولتوریشەوە زۆر لەیەکەوە نزیکن.**

پێش هەمووشتێك، دەبێت ئەوە بڵێم زۆرسروشتییە شاعیران شیعری وڵاتانی تربخوێننەوەو بکەونە ژێر کاریگەرییانەوەو ئەمە نیشانەی زیرەکی وردی شاعیرانی کوردەو هیچ شاعیر یان نوسەرێکی سەرکەوتو نییە بتوانێ لە جوغزی داخراوی خۆیدا بمێنێتەوەو سەرکەوتوبیت، بەتایبەت شیعری فارسی کە لە دنیادا ناسراوەو کاریگەری گەورەی خۆی داناوە، بە هی ئاستی باڵاو لایەنی هونەری بەگشتی و بەتایبەت دونیابینی قووڵ و ئینسانییانەوە، پێموایە نەك هەر نەوەی نەوە دەکان، بگرە نەوەی دوای دو هەزارو ژمارەیەك لەو گەنجانەی ئێستا دەنوسن، جگە لەفروغ و سوهراب کاریگەری شەمس لەنگرودی و گەروس عەبدول مەلکیان و ڕەسول یۆنان و شاعیرانی نەوەی نوێی ئێرانیان لەسەرە. ئەمەش پارمەتیدەرێکی باشە بۆ گەش و کاژفرێدانی فەزای شیعری ئێمەو دروستبونی جیاوازی گۆڕانکاری و بە دڵنیاییەوە لە ئایندە دا زیاترو جۆراو جۆرتر جیاوازتر ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییانە دەبینین، دەبێت ئەوەش بڵێم لە هەموو کەسەکان نییەو ئەوەشی کە هەیە، بە یەك ئاست و وەك یەك نییە و ئاستە کان جیاوازە، کاتێك گۆتە کاریگەریی لە حافز وەرگرێت و بۆرخیس لە خەیام، بۆ کورد لە ئەدەبی فارسی لەپەنایدایەو لە ڕوی کولتوورییەوە زۆر نزیك ترو کاریگەر ترە، سودی لێوەرنەگرێت.



تەوەر



**ساڵح سووزەنی**

## چ وتنی سوهراب و زمانی فروغ، ئێستە بەشێکی حاشاهەڵنەگری ئەدەبی کوردین

دوای دەنگە مەزنەکانی شیعری کوردی لە باشور هەست بە بۆشاییەك بۆ بەرەو پێش چوون و گەشە نوێگەری دەکر، هەر بۆیە ئاساییە ئەگەر پەلبکێشی بۆ زمانێکی دیکە و هەوڵبدەی رەوتە نوێیەکانی ئەو زمانانە بقۆزیتەوە. فارسی و عەرەبی و تورکی نزیکترین و زۆرترین ئاڵ و گۆڕیان لەگەڵ زمانی کوردی هەیە، ئاساییە کە سەرەتا گەنجان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن، بە هۆی تێکەڵاوی زمانی فارسی و کوردی. شیعری فارسی زۆرترین بەردەنگی بە رێژەی زمانەکانی دیکە لە ناو کوردا هەیە و یەکەم ئەگەری کاریگەرییە لەسەر شیعری کوردی دوای راپەڕین زمانی عەرەبی لای گەنجان ئیتر برەوی نەما، کەوایە ئاساییە ئەگەر لەم پێوەندییەدا دەقی شاعیرانێك زێدەتر تەشەنە دەکات کە زمانێکی ساکارتریان، بە رێژەی شاعیرانی دیکە، هەیە و خێراتر دێتەفامکرن... لە شیعری فارسیدا دەقی سوهراب و فروغ زێدەتر کەڵك لە زمانی رۆژانە وەردەگرن و لەو شاعیرانەن کە زۆرترین کاریان لەسەر شیعری «گفت» کردوە/گفتار/ هەر بۆیە لە خوێندنەوە و وەرگێڕان دا خۆش فام و خۆش دەست ترن... تایبەتمەندی وەرگێرانیش بە تایبەت بۆ شیعر هەڵبژاردنی دەقی ئەو شاعیرانەیە، کە زمانێکی ئالۆز و پڕ کارکردیی زمانییان نیە... بۆیە کەس ناچێ شیعری بەراهەنی یان باباچاهی و فەلاح وەرگێڕێ بۆ زمانی کوردی ... کەوایە باشترین دەق بۆ زووتێگەیشتن و خێرا وەرگێران دەقی کەسانێکی وەك سوهراب و فروغ و سەی عەلی ساڵحی و شەمس لەنگرودی یە کە بە زمانی ئاسایی روژانە دەنووسن. شاعیرانی گەنج لەودیو زێدەتر لە ژێر کاریگەری «چی گوتن»ی شێرکۆیی و پەشێوی و هەڵمەتی ..دان تا «چۆن گوتنی مەسیفی و سەڕاچ و ...... بە گشتی فورمالیستەکانی هەولێر.. هەر بۆیە دێنە ژێر کاریگەری

ئەو شاعیرانەی کە لە شیعر دا «چی گوتن»یان لا گرنگە و ژنانەیی گوتنی فروغ و عرفانی وتنی سوهراب سپهریش دیارە نمونەیەکی باشە بۆ ئەوەی دوای ئەوان کەون و ساکار بێژی ئەوان لە بەرانبەر چۆن بێژی «ناو زمانی» شاعیرانی دیکەی فارس دا هەڵبژێرن. لەکۆتاییدا ئەمەوێ وەك رەخنەیەك، ئەمە ئاراستە بکەم کە، شیعری سەردەم بەدوای چی وتنەوە ناڕوا و بەدوای هاتنە ئارای خوێندنەوە نوێکانی سەردەم زمان ناسی.. نیشانەناسی .. دیاردەناسی و هێرمنۆتیکی نوێ ... فورمالیسم و پێکهاتەخوازی و دواتر پێکهاتە هەڵوەشێنی و پاش مودێرنخوازیی... زێدەتر بە لای «کارکرد و گەمەی زمانی .. ئایرونی .. پارۆدی . چەند دەنگی بوون و تیکەوتن لەگەڵ دیکتاتۆریەتی زماندا دەڕوا . تا چ وتنی سوهراب و زمانی گفتی فروغ. نوێترخوازیی ئێستە بەشێکی حاشاهەڵنەگری ئەدەبی کوردیە، بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و بە ئاشکرا رەوتێکی رووڵە گەشەیە بە پێی ئەو فورم و تەکنیکانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا. دەیان کتێب و وتار و وتوێژ و چەندین سمیناری باشی بەڕێوەبردوە و جێی خۆیەتی شاعیرانی گەنجی باشوریش لەو رەوتەوە لە ئەدەبی کوردی بروانن، نەوەك زمانی عیرفانیە پەنجا ساڵ لەمەوبەری سوهراب و چی وتنی ژنانەیی فروغ. چیمان پێخۆشە لەسەر عیرفان و ژنانەیی دەتوانین بە وتاریش ئاراستەی بکەین، بەلام زمانی شیعر زمانی فورم و تەکنیك و ئانارشیزمی نوێخوازانەیە نە لاساییکردنەوە.



**ژاوێن شاڵی**

**لەئێستادا دەیان نوسەر و شاعیرمان هەن بەنەفەسی سپهری و فەروخزاد و شاملۆوە دەنووسن، بەشێوەیەك کەوتونەتە ژێر کاریگەریی و دنیابینی و ئەوانەوە، کە لەپنتێکدا خۆیان نابینمەوە**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەمەوێت بە وتە کۆن و بەناوبانگەکەی بارت دەستپێبکەم کە دەڵێت : «هیچ دەقێك بوونی نییە لە دەرەوەی کاریگەرییەکان»، پێموابێت ئەو تا ئەندازەیەك راستە، وەلێ جیاوازییەکی

تەوەر

ریشەیی هەیە لەنێوان کاریگەریی و بە سێبەربوو، یاخود پاشکۆبوونی کەسانی تردا، واتە لەناو ئەدەبدا بمانەوێت و نەمانەوێت بە ئاگایی بێت، یاخود نائاگایی خۆمان سەرسام بووبمان بەو نوسەرانەی، کە لای ئێمە پێشەنگ و دەیانخوێنینەوە و بەشوێن نوێترین بەرهەمەکانیاندا دەگەڕێین، کاریگەریی خۆی لەسەر فکر و بۆچوون، هەروەها بەرهەکانیشمانەوە جێدێڵێت، وەلی نوسەری هۆشیار ئەو کەسەیە، کە بەر لە هەرکەس خوێنەر و رەخنەگری بەرهەمەکانی خۆی بێت و بەچاویلکەی رەخنەگرێکەوە نوسینەکانی خۆی بخوێنێتەوەو شرۆڤەبکات، ئەوکات لەهەر شوێنێك هەستیکرد ئەو کاریگەرییە نزیکە بەرەو بەپاشکۆ چوون، یاخود کۆپی بوونی نوسەرانی تر بچێت، دروست بە تێکستەکەیدا دەچێتەوە و لەوانەشە هەر بیسڕێتەوە و ئاخود شوێنەواری ئەو کاریگەرییە بسڕێتەوەو بەرهەمێك لەخەیاڵ و هزر و ماریفەی خۆی بەرهەمبهێنێت. لەدوای راپەڕینەوە و دروستتر بڵێم بەر لە راپەڕینیش ئەدەبی کوردی کاریگەریی ئەدەبیاتی بێگانەی بەسەرەوە بووە و دوور لەناوهێنان ئەدیبگەلێکی بەناو و دەنگمان هەن، کە لەهەندێك شوێندا کۆپی پەیستی شاعیر و نوسەرێکی عەرەب، یان فارسیان کردووە بە تورکیشەوە، بەڵام ئەوەی کە هەستی پێدەکرێت لەئەدەبیاتی کوردی پاش راپەڕین، بەتایبەت نەوەدەکاندا تەوژمێك لە نوسین بەناوی شیعر و چیرۆکەوە بەرهەم هێنراون و هەندێکیشیان فاکتەر بوون لە بەناوبانگ بوونی نوسەرەکەیدا، کە کاریگەرییەکی بەرچاوی ئەدەبیاتی فارسی بەسەرییەوە دەبینرێت، خاڵی هەرە ترسناك ئەوەیە کە ئەو تەوژمە پەرەی سەندووە و لەئێستادا دەیان نوسەر و شاعیرمان هەن بەنەفەسی سپهری و فەروخزاد و شاملۆوە دەنووسن و بەشێوەیەك کەوتونەتە ژێر کاریگەریی و دنیابینی و گوزارشتی ئەوانەوە، کە من لەپنتێکدا خۆیان نابینم. وەلێ کاری داهێنەرانەی نوسەر ئەوەیە کە بەرووتی خۆی و هزر و خەیاڵ و ئستاتیکای خۆیمان بخاتەبەردەم، وابکات لە چاویلکەی ئەوەوە روداو و بەسەرهات و چرکەساتە شیعرییەکان بۆ منی خوێنەر بگوازرێتەوە، ئەمە زێدەتر لەشیعر دا دەبینرا وەلی ئێستا ئەم حاڵەتە لە چیرۆکیشدا بوونی هەیە و چیرۆکت پێدەڵێم هەر بە پەرەگراف بەراوردەکەین، کە سادقی هیدایەتی لەچیرۆکێکی خۆیدا پەیستکردووەو لەزاری کاراکتەرێکییەوەو لەژێر ناوی خۆی بڵاویکردۆتەوە، ئەمە بۆخۆی دەچێتە خانەی شتێکی ترەوە و بەدەر لە کاریگەریی کە پێیدەوترێت (دزی ئەدەبی)










**بەشی سێیەمی پڕۆژەی 100 نامیلکەی فکری و فەلسەفی**

iDEA
FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە